# تیمارسازیی ددان

ئەگەر تۆ زمانی سویدیی بە باشی نازانیت ئەوا مافی هەبوونی وەرگێرت هەیە.
دەم و ددانەکانت پێویستی بە یارمەتی خۆت و ئێمەش دەبێت بۆ ئەوەی بە ساحیی بمێننەوە.
دەستگای میللی تیمارسازیی ددان یارمەتیت دەدات کە زۆر مەسەلەی کە پێوەندیان بە تیمارسازیی ددانەکانتەوە هەیە پێکەوە لەگەڵ تۆ چارەی تیمارسازیی ددانەکانت بۆ بدۆزنەوە. دەستگای میللی ددان کلینیکی (بەشی) هەیە بۆ چاودێریی گشتیی، چاودێریی ددان لە نەخۆشخانە و چاودیریی تایبەت و پسپۆڕی ددان.
تۆ خۆت دەتوانیت کلینیکی ددان یان ددانساز هەڵبژێریت.
ئێمە کلینیکمان لە زۆر ناوچە لە سەرانسەری هەرێمدا هەیە.
نێزیکەی نیوەی دانیشتوانی هەرێم هەڵیان بژاردووە کە تیمارسازیی ددانی خۆیان لەلای تیمارسازیی میلیی ددان بکەن. ئێمە نێزیکەی ٦٣٠ کارمەندمان هەن کە ساڵانە چاویان بە ١٥٠ ٠٠٠ نەخۆش دەکەوێت.
ئەتۆ ئێمە لە کەتەلۆگی تەلەفۆندا دەبینیتەوە هەم لە لاپەڕەی زەرد و شینیشدا، لە ژێر ددانساز tandläkare دا، بڕوانە تیمارسازیی میلیی ددان (Folktandvården).

## تیمارسازیی میلیی ددان

ئێمە ٣٢ کلینیکی تیمارسازیی ددانمان لە هەرێمدا هەیە. ئەگەر ئەتۆ دەتەوێت بێیت بۆ تیمارسازیی میلیی ددان ئەوا دەبێت پێوەندی بە کلینیکێکی تیمارسازیی ددانەوە بگریت، لەوێ یارمەتی تیمارسازیی ڕێگەگر، ئازماییش و چارەسەرت پێ دەدرێت.
کلینیکەکانمان بە سندوقی بیمەی گشتییەوە بەستراون، کە بەو مانایە دێت کە بەشێکی نرخی تێچوونی تیمارسازیی ددانەکانت لەلایەن سندوقی بیمەی گشتییەوە دەدرێت. تیمارسازیی میلیی ددان لیستەیەکی نرخی هەیە کە لە هەموو کلینیکەکان پێڕەو دەکردرێت.
ئایا دەتەوێت نەخۆشی ئێمە بیت؟ خۆت نێونووسی ئەو کلینیکە بکە کە دەتەوێت بچیت بۆ لای. بڕوانە www.lio.se لە ژێر تیمارسازیی دداندا (Tandvård).

## تیمارسازیی پسپۆڕی ددان

لاندستینگێت بەرپرسیاریی تیمارسازیی پسپۆڕی ددانە لە هەرێمدا. تیمارسازیی پسپۆڕی ددان تەواوکاریەکی تیمارسازیی میلیی ددان و تیمارسازیی تایبەتیی ددانە. حەواڵەی کلینیکی تیمارسازیی گشتیی یاخود ددانسازێکی تایبەتیی هەمیشە پێویستە.
ئەو مرۆڤانەی کە تێکچوونی جددی ڕووخسارییان هەبێت و نەخۆشگەلێک کە پێویستیان بە نەشتەرگەریی پێشکەوتوو هەیە بۆ چارەسەری زیانی شەویلگە و ددان ئەوا لەلایەن پسپۆڕانەوە لە کلینیکی شەویلگە (Käkkliniken) لە نەخۆشخانەی زانکۆ لە لینشۆپینگ یارمتیان دەدرێت.
نەخۆشی دیکەی هەرێمەکانی دیکەش بۆ ئێرە حەواڵە دەکردرێن.
چەندین یەکەی بنکەی پسپۆڕان لە هەرێمدا هەن. ئەوانە پسپۆرگەلی ناو دەمودانی دروستکراو و تاقم، نەخۆشیی ددان کەوتن (parodontologi) ، شەویلگەئازار (bettfysiologi) ، کەناڵپڕکردنەوەی ددان (rotbehandling) ، ددانڕاستکردنەوە و هەروەها گرفتی جددی ددانەخۆرکەی منداڵانن.
تیمارسازیی پسپۆڕی ددان هەروەها لەسەر توێژینەوە و پێشخستنی میتۆدگەلی نوێ کاردەکات و بێلەوەش پاش پەروەردەکردن و زێدەپەروەردەکردنی کارمەندانی تیمارسازیی میللی ددان.

**تیمارسازیی ددان  له  نه خۆشخانه**

ئەو نەخۆشانەی کە لە تیمارسازیی ددان  لە نەخۆشخانە چارە دەکردرێن بەگشتیی لە ڕوانگەی تیمارسازیی ددانەوە نەخۆشی مەترسیدارن، بەهۆی نەخۆشیی یان دەرمانەوە. تیمارسازیی ددان  لە نەخۆشخانە لە ئۆیستەریۆتلاند کلینیکی لە ئۆلەرئیود و لە نەخۆشخانەی زانکۆ لە لینشۆپینگ، لە لاسرێت لە مۆتالا و لە نەخۆشخانەی ڤرینەرڤیی لە نۆرشۆپینگ هەیە. لەو کلینیکانە کارمەندانی لێن کە زانیاری تایبەتیان بۆ چارەکردنی نارەحەتیی نێو دەمی سەرەتانداران، ڕووداولێکەوتووی ترافیک، دەردەپیریی و نەخۆشانی دیکە کە نەخۆشیی هەوکردنیان هەیە. هەروەها کلینیکی ددان هەن کە کارمەندەکان زانیاری تایبەتیان هەیە بۆ تیمارسازیی ددانی کەسانی کەنەفت و دەروون نەخۆشان.

**تیمارسازیی ته نگاڤیی ددان**

بە پلەی یەکەم پێوەندی بە ددانسازەکەی خۆتەوە بگرە یاخود زەنگ بۆ بەشی شەونەخونی تیمارسازیی میللیی ددانەوە (Folktandvårdens jour) بدە بە تەلەفۆنی ١١٢.

ڕۆژانی ئاسایی کاتژمێر ٨،٠٠ -١٦،٠٠، شەممان، یەکشەممان و ڕۆژانی پشوو کاتژمێر ٨،٠٠-١٤،٠٠ و ئەتۆ ڕەوانەی نێزیکترین ددانسازیی شەونەخون دەکردرێیت.

**زیانی جددیتری ددان و شەویلگە**

لە کاتی زیانی جددیتری ددان و شەویلگە و دۆخی ناخۆشتری تەنگاڤییی ڕەوانەی کلینیکی شەویلگە دەکردرێیت لە نەخۆشخانەی زانکۆ لە لینشۆپینگ.

**ئایا دڵه خورپه ی تیمارسازیی ددانت هه یه ؟ زه نگ بۆ ژماره  ته له فۆنیی 19 19 86-020  لێبده  تا یارمه تیت بدرێیت.**

ئایا پێت وایە کە چوون بۆ لای ددانساز ناخۆشە؟ خۆ تۆ یەکەم کەس نییت! هەر یەک لە دە گەورەساڵ لە سوێد کەم یان زۆر ئەمڕۆ دڵەخورپەی تیمارسازیی ددانیان هەیە. ئەم ترسە هەم پیاوان، ئافرەتان، لاوان و هەم پیرانیش هەیانە. چەند تیپێکی تیمارسازیی ددان لە نێو بەشی تیمارسازیی میللیی ددان لە سەرانسەری هەرێمدا هەیە کە بەتایبەتی لەسەر دڵەخورپەی تیمارسازیی ددان کار دەکەن. ئەم تیپانە توانستیی جودایان هەیە – هەر لە پەرستیاریی دەروونناسیەوە تا شیاوکاریی خەولێخستنی موگناتیسیی (هیپنۆس)، گازی سەرمەستکار و بنج.

**تیمارسازیی تایبه تیی ددان**

ناوی ئەمانە لە کەتەلۆگی لاندستینگێت و لە لاپەڕە زەردەکانی کەتەلۆگی ئینیرۆ Eniros katalog  دەبینیت.

**هه قمزه  (نرخی تێچوون)**

هەقمزەی سەردانێکی ددانسازیی لەسەر خودی چارەکە کەوتووە.

## تیمارسازیی ددان بە خۆڕایی بۆ منداڵان و لاوان

مرۆڤ بە ئازادی دەتوانێت هەڵبژرێت کە بڕوات بۆ لای تیمارسازیی گەلیی ددان Folktandvården یان پزیشکێکی ددانسازی مولکیی. دایکوباوکانی منداڵانێک کە سێ ساڵیی پڕ دەکەنەوە لەگەڵ خەڵکانی تازەهاتوودا زانیارینامەیەکی نووسراوەیان سەبارەت بەم ئازادیی هەڵبژاردنە پێ دەگات. هەر کاتێک بخوازرێت دەتواندرێت ئەو هەڵبژاردەیە بگۆڕدرێت. هەموو تیمارسازییەکی ئاسایی ددان بە تیمارسازیی پسپۆڕیی ددانەوە بۆ هەمووان بەخۆڕاییە تا ئەو دەمەی کە پێ دەنرێتە تەمەنی ١٩ ساڵیی. بۆ چارەسەرسازییەک کە بەڕوونی لەبەر پێداویستیی تیمارسازیی ددان نییە ئەوا مرۆڤ دەبێت خۆی پارە بدات.

## نرخ (هەقمزە) بۆ گەورەساڵان

تیمارسازەکە بڕیار لەسەر نرخی تێچوونی تیمارسازیی ددان دەدات. کاتێک کە ئەتۆ پارە دەدەیت، پارەلێداشکاندنەکەی سندوقی بیمەی گشتیی لێ دەرکراوە.

### تیمارسازیی خواستراوی ددان و تیمارسازیی پێداویست بۆ بەساڵاچووان و کەمئەندامان

لە ساڵی ١٩٩٩ ـەوە بەساڵاچووان و کەمئەندامان کە ناچاری پەرستیاریی کەسێتی زۆرن مافیان بۆ تیمارسازیی خواستراو بەخۆڕایی هەیە، کە ئەو تیمارسازییە هەڵسەنگاندنێکی تاکەکەسینەی تەندروستیی دەمیش دەگرێتەوە. بۆ ئەو تیمارسازییەی ددان کە بە پێویست هەڵدەسەنگێندرێت ئەوا وەک نەخۆشێک بۆ هەر جارێک سەردانی تیمارسازیی ئەم نرخانەی خوارەوە دەدەیت:

لای پزیشکی ددانسازی گشتیی .............................. ١٥٠ کرۆن
لای پزیشکی پسپۆڕی ددان ................................. ٣٠٠ کرۆن
لای سستەری ددانساز/خاوێنکارەوەی ددان ............... ١٠٠ کرۆن

نرخەتێچوونەکان لەگەڵ هەقمزەی نەخۆشی دراودا لە بنکەی تەندروستیی گشتیی پێکەوە حساب دەکردرێن.
پارێزەی نرخی زێدەتێچوون Högkostnadsskyddet بە ٩٠٠ کرۆن پڕ دەبێتەوە.
تەنانەت لێرەش مرۆڤ دەتوانێت تیمارسازیی گەلیی ددان یان پزیشکی ددانسازی مولکیی هەڵبژێرێت.

ئەوانەی ئەمە دەیانگرێتەوە ئەو کەسانەن کە

- لە خانەی تایبەتیدا دەژین
- لەماڵەوە تیمارسازیی نەخۆشیی زۆر دەکردرێن
- کە یاسای تیمارسازیی تایبەتی و خزمەتگوزاریی دەیانگرێتەوە بۆ هەندێک کەمئەندام (LSS-lagen)
- لە خانووی خۆیاندا دەژین و وەک گروپەکانی سەرێ هەمان پێداویستییان بۆ تیمارسازیی و پەرستیاریی هەیە.

بۆ ئەم کەسانە بەڵگەنامەیەک لەلایەن کارمەندانی نێو پەرستیارگای کەمئەندامان و پیرانی نێو شارەوانیی äldre- och handikappomsorg دەردەکرێت. تەنانەت کارمەندانی نێو بنکەتەندروستیەکان، دەروناسیی، تیمارسازیی سرووشتیی rehabilitering و هەنێک کلینیکی دیکەی نەخۆشخانە دەتوانن بەڵگەنامە دەربکەن. بەپێی بەڵگەنامەکە لاندستینگێت کارتێکی تیمرسازیی ددان دەردەکات.

## تیمارسازیی ددان وەک بەشێک لە چارەسەریەکی کورتخایانی نەخۆشیی لە نێو کاتێکی دیاریکراودا

لە هەندێک دۆخی نەخۆشییدا جۆرە تیمارسازییەکی ددان لە خودی چارەسەرسازیی نەخۆشیەکەدا هەیە. ئەوە پزیشکە تیمارسازەکەیە کە بە هاوکاریی لەگەڵ تیمارسازیی دداندا ئەو بڕیارە دەدات. لەو دۆخەدا حەواڵەنامەیەک remiss پێویستە بۆ تیمارسازیی ددان بنێردرێت. وەک نەخۆش ئەتۆ هەر هێندەی تیمارسازیی پێداویستی ددان بۆ کەمئەندامان و پیران هەقمزە دەدەیت.

## نەشتەرسازیی شەویلگە

لە تیمارسازیی نەشتەرگەریی شەویلگەدا ڕێژەهەقمزەیەکی تیمارسازیی ددان tandvårdstaxa دەخوات کە بۆ کۆمەڵە سەردانێکە. ئەمە بۆ نموونە لە کاتی وەک دەرهێنانی ددانی ژێرییدا هەیە. لە دەمی نەشتەرسازیی ئاڵۆزی زاردا ئەتۆ هەر هەمان هەقمزە دەدەیت کە لە سەردانی پزیشکی نەخۆشخانەدا دەیدەیت کە ٣٠٠ کرۆنە.

## زێدەترسی تیمارسازیی ددان

ئەگەر ئەتۆ هەر زێدەترسی تیمارسازیی ددانت هەیە ئەوا بەر لەوەی دەست بە تیمارسازیەکەی ددانت بکردرێت لەلای دەروناسێک مافی یارمەتیدانت هەیە، وەک بەشێک لە چارەکردنی ترسی تیمارسازیی ددان. ئەو دەم ئەتۆ هەقمزەی نەخۆش بە پێی نەریتگەلی تیمارسازیی ددان دەدەیت وەک بەشێک لە تیمارسازیی نەخۆشیی کورتخایان لە دەمێکی بەرسنووردا. لەگەڵ پزیشکەددانسازەکەتدا قسە بکە.

## مافگەل لای پزیشکی ددانساز

ئەتۆ مافداری کە پێشنیازنامەی هەقمزە بەرلەوەی کە تیمارسازیەکەت دەست پێ دەکات وەربگریت، بەڵام پزیشکەددانسازەکە هەقی ئازمایش و هەڵسەنگاندن وەردەگرێت. پزیشکەددانسازەکە سەبارەت بە جۆرەکانی شێوەی تیمارسازیی کە هەن و لە دۆخی تەندروستیی ددانەکانت ئاگادارت دەکات.